سەرۆک کۆمار پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ میری دەوڵەتی کوەت ئەنجام دا



سەرۆک کۆمار دکتۆر لەتیف جەمال ڕەشید پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ شێخ مەشعەل ئەحمەد ئەلسوباح میری دەوڵەتی کوەت ئەنجام دا.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی سەرۆکایەتی کۆمار لە سەرەتای پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا، کە ئەمڕۆ شەممە 23-12-2023 ئەنجامیدا،سەرۆک کۆمار پرسە و هاوخەمی قوڵی خۆی بە میری کوەت و گەلی کوەتی برا دوپاتکردەوە بەبۆنەی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو شێخ نەواف ئەلئەحمەد ئەلسوباح، لە خودای مەزن داواکارە کۆچکردو بخاتە بەر سێزو میهرەبانیی خۆی، ئارامی و خۆڕاگریش بەمیری کوەت و خانەوادە و گەلی کوەت ببەخشێت.

لەبەشێکی دیکەی پەیوەندییەکەدا، سەرۆک کۆمار پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی شێخ مەشعەل ئەلئەحمەد ئەلسوباح کرد بەبۆنەی دەستبەکاربوونی لە ئەرکە نوێیەکەی وەک میری دەوڵەتی کوەت، هیوای سەرکەوتنی بۆ میری کوەت خواست لە سەرکردایەتیکردنی کوەت و بەدیهێنانی خواستەکانی گەلی کوەتی برا لە پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی زیاتر. جەختیشی لەسەر پەرەپێدانی عیراق کردەوە بۆ بەهێزکردن و پەرەپێدانی پەیوەندی برایانە، کە هەردوو وڵات لە بواری جیاوازەکاندا کەدەکاتەوە.

هەروەها لە پەیوەندییەکەدا باسی لە گرنگی هەماهەنگی و هاریکاری نێوان هەردوو وڵات کرا سەبارەت بە

پرسکانی بەرژەوەندی هاوبەش و جەبایەخی هەردوولا، هەروەها پەیوەستی ئاوگۆی سەردان بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆییەکان دوپاتکرایەوە، بەشوێیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بکات و ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکەدا بدیبهێنێت.

لای خۆیەوە میری دەوڵەتی کوەت سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ سەرۆک کەمار لەتیف جەمال رەشید دەربڕی و ئاماژەی بۆ خواستی کوەت کرد بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆییەکان، هەروەها پەرەشی بۆ پاپشتیکردنی هەوڵەکانی عیراق دەربڕی لە چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیریدا.